(سیلان سالار)ی وەرزشوان :

# بەردەوام دەبم تا نازناوی باشترین یاریزان بەدەست دێنم

## لەسەر ئاستی کوردستان و هەموو جیهاندا

(سیلان سالار) لەدایکبووی ساڵی (١٩٩٦)ە لە مەخموورو خوێندەڤانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی یە لە قوتابخانەی قەراجی سەرەتایی کچان و لە فیستڤاڵی سالانەی وەرزشی خوێندنگاکان بۆ ئەمسالْ نازناوی پاڵەوانی (گۆڕەپان و مەیدان)ی پێبەخشراو قوتابخانەکەیشی بە (٢٥) خالْ بەیەکەم دەچوو، لە دیمانەیەکی (ئازادی قەرەچووغ) و لە ئەنجامی چەند پرسیارێك بەم شێوەیە هاتە دوان:

***تا ئێستا لە چەند فیستڤاڵْ بەشداریت کردووەو ئەنجامەکان چۆن بوون ؟**

-لە دوو فیستڤاڵی وەرزشی بەشداریم کردووە، لە فیستڤاڵی وەرزشی قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی مەخموور پارسالْ لە پۆستە دووەمم بەدەست هێنا، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو ماوەیە زیاتر مەشق و راهێنانم کردووە، توانیم لەو فستیڤاڵەی ئەمسالْ پلەو نازناوی (پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدان) بەدەست بێنم .

***کێ زیاتر هاندەرت بووە بۆ وەرزشکردن و لە پشت ئەو پێشکەوتنەی کە ئێستا بەدەستت هێناوە ؟**

-سەرەتا زۆر سوپاسی مامۆستای وەرزشی قوتابخانەکەمان مامۆستا (دیمەن) دەکەم، بەڕاستی ئەو زۆر لەگەڵْ قوتابیان بەگشتی و منیش بەتایبەتی ماندوو بووە، ئەو بە پلە یەك لەپشت ئەو سەرکەوتنەی من بووە، لە هەمانکاتدا خۆشم ئەو ئارەزووەم هەیە کە بتوانم لەو بووارەدا پلەی باشتر بەدەست بێنم .

***کەواتا بەنیاز نیت واز لەوەرزش بێنیت و بەردەوام دەبیت ؟**

-بەڵێْ بەردەوام دەبم لە وەرزش و بەشداری کردن لە فستیڤاڵەکان و یاریەکانی تری نێوان تیپەکان، تا نازناوی باشترین یاریزان بەدەست دێنم لەسەر ئاستی کوردستان و هەموو جیهاندا .

***زیاتر حەزدەکەی لە چ بوارێك یاری ورزشی بکەیت ؟**

-زیاتر خولیای یاری تۆپی سەللەم.

***بە بڕوای تۆ چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری وەرزش لە دەڤەرەکەمان بەتایبەتی بۆ چینی کچان؟**

-دیارە کە لە مەخموور تیپ و یاریزانی وەرزشی بەتوانا هەیە لەهەموو بوارەکاندا، بەڵام پێویستە پشتگیری زیاتر هەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو توانایانە، بۆ ئەم لایەنە داواکارم لە لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی وەرزش و لاوان هەوڵْ بدەن یانەیەکی وەرزشی تایبەت بە کچان لە مەخموور بکەنەوە، بۆ ئەوەی کچانیش بتوانن تیایدا راهێنان و مەشق بکەن و پێویستە هۆڵێکی وەرزشی داخراو دروست بکرێت .

## مالْپەڕێکی کوردی سەربەخۆی تایبەت بە مەخموور لە ئینتەرنێت کرایەوە

بەمەبەستی خزمەت گەیاندن بە دەڤەری قەرەچووغ لەرووی راگەیاندنەوەو گەیاندنی دەنگی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێڕ بە هەموو جیهان جگە لە هەردوو مالْپەڕی "قەرەچووغ" و "سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ " مالْپەڕێکی تری کوردی سەربەخۆ بە ناوی(مەخموور پریس) تایبەت بە دەڤەری قەرەچووغ هاتە کرایەوە،، کە گرنگی دەدات بە بلاْوکردنەوەی هەواڵْ و زانیاری و چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی دەڤەرەکو لەلایەن ستافی دەنگی مەخموور بەڕێوەدەچێت، هەواداران و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ناونیشانانەوە سوود لە هەواڵْ و زانیارییەکانی ئەم مالْپەڕە وەربگرن: www.mexmurpress.com .

ماجید مەخموری

## لە ڕۆمانەوە بۆ شیعر

دوای چاپکردن و بلاوکردنەوەی ڕۆمانی (ساڵی مەرگ) لە ساڵی ٢٠٠٨ ، ( ماجید مەخموری ) لە بەرهەمێکی تردا کە لە ساڵی ٢٠٠٩ بلاوێکردەوە ، سیدیەکی شیعری بوو، کە لە (٩) تراك پێکهاتووەو (٩) ناونیشان لەخۆ دەگرێت، شایانی باسە ئەم بەرهەمە لە نووسین و خوێندنەوەی خۆیەتی و لە ستۆدیۆی (شەهید کاوە) بەسەرپەرشتی ئەندازیاری دەنگ (سالم صباح) تۆمار کراوە .

## بلاوکراوەو چاپکراوەکان

دڵۆپێك لە دەریا

ناونیشانی دووەمین بەرهەمی چاپکراوی هۆزانڤان (بندیان حاجی جەمیل)ە، کە نامیلکەیەکی شیعرییەو کە ٥٧ پارچە هۆنراوە لەخۆ دەگرێت، بەتیراژی (١٠٠٠) دانە هاتۆتە چاپکردن، ئەم نامیلکە شیعریە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پێدراوە .

(خەلیل پالانی) و (عەبولڕەحمان ئادەم) دەستەی نووسەران و هەریەك لە ((جەلال خەیلانی) و (چریکە مەخموری) و ئەمیرخان مەلارەسول) پەیامنێرانی بلاوکراوەکەن، دەستی ماندوی ئەم ڕۆژنامەنووسانە دەکوشین و هیوای سەرکەوتنیش بۆ (دەنگی مەخموور) دەخوازین .

ڕوخسار و ئەزموون

بەشی دووەمی چاپکراوی هونەرمەند ئیسماعیل کۆیستانی یە ، لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ کەوتە بەر دیدی خوێنەران ، کە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپکردن و بلاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، بە چاپ گەیەنراوەو لە شێوەی ئەلبوومێکی جوانەوە کار و چالاکییەکانی ٨٤ هونەرمەندی بواری (میوزیك و گۆرانی) لە خۆ گرتوە .




ساڵی مەرگ

ناونیشانی ڕۆمانێکی نووسەر (ماجد محەمەد مەخمووری)ە، کە لە

## مردن لە دەروازەی تەنیایيدا

فەرید مەخموری - سیدنی

هەوێردەی وەرزی ئەڤینم
لەسەر چڵی
ماتەمینی هەڵنیشتوە
لەو ڕۆژەوەی کە لێت دوورم
هەست بە ترپەی دڵم ناکەم
سەرم بۆتە
مەکۆی ژان و ئازارو غەم
لەو ڕۆژەوەی کە لێت دوورم
بەرگی خامۆشیم پۆشیوە
لاتەریکم، کزم، پەستم
بادەی مردنم نۆشیوە
لەو ڕۆژەوەی کە لێت دوورم
گورگی مەنفا
بەربۆتە لاشەی بێ هێزم
تۆ لێرە نیت
تا بێباك بم لە مردن و
بێیت و بتگرمە ئامێزم !

## سەنتەری قەرەچووغ شەشەمین ساڵیادی ئازادیی دەڤەری مەخموور پیرۆزدەکات

بەبۆنەی شەشەمین ساڵیادی ئازادیی دەڤەری مەخموور، دەستەی کارگێڕی (سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ)، جوانترین و ناسکترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەماوەری مەخموور و قەراج و کەندێناوەو گوێڕ دەکات، هەر لەم بۆنەدا هیواخوازە ئەم ئازادییە ببێتە مایەی زیاتر ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکەو پتر بوژانەوەی بواری ڕۆشنبیری و هونەرییەکان، بۆ پیرۆز کردنی ئەم یادە (سەنتەری قەرەچووغ) بە جەماوەری دەڤەرەکە ڕادەگەیەنی کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ ئاهەنگێکی جەماوەری فراوان لە مەخموور سازدەکات .

## سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور سێیەم کۆنفرانسی خۆی سازکرد

لەڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٤) لەژێر دروشمی (ڕۆشنبیر پێشمەرگەی ئەم سەردەمەیە)، (سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور) بەمەبەستی بوژاندنەوەی بواری ڕۆشنبیری لە دەڤەرەکەو وەگەڕخستنەوەی سەنتەرەکە و گۆڕینی ستافێکی نوێ، سێیەم کۆنفرانسی خۆی سازکرد، ئەمەو لە کۆنفرانسەکەدا ٧ ئەندامی سەرەکی و ٢ ئەندامی یەدەك بەدەستەی کارگێڕی سەنتەر دەرچوون و کۆنفرانسەکە بەسەرکەوتووی ئەنجامدراو لەو ماوە کورتەیدا توانیان چوار چالاکی هەمەڕەنگ ئەنجامبدەن .

## دەنگی مەخموور

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە مانگێ جارێك بە هەشت لاپەڕەوبە تیراژی (١٠٠٠) دانە دەردەچێت، ئەم مانگانەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ گرنگی دەدات بە گەیاندنی دەنگی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێڕ، ڕۆژنامەنووس (جەمیل سنجاوی) خاوەنی ئیمتیازو (بەختیارمحەمەد) سەرنووسەرو (شێرکۆ مەحموود)بەڕێوەبەری نووسین و (موحسین شوانی) و

## سەرەوەری شاخ و گەندەڵی شار!

موحسین شوانی

هەندێ لە سەرکردە سیاسی و حزبی و ئیدارییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، جاران لەسەردەمی شۆڕشی شاخ و پێشمەرگایەتیدا، وتەو وتارو گفتوگۆکانیان تەنیا لە بەرژەوەندی چینی کرێکارو چەوساوەو ڕەنجدەرانی کوردستان و دژی سیستمی سەرمایەداری و ئەو زلهێزو ولاتانە بوون کە بانگەشەی بیرو باوەڕی بورجوازییەتیان دەکرد، ئەوانە بە کردەوەش پیادەی ئەم ڕاوبۆچوونە بوون، پێشمەرگەیەکی ئاسایی لەگەڵْ ئامر مەفرەزەو کەرت و سەر پەرل و سەرکردەکان جیاوازییان نەبوو! یەکسانبوون لە جلوبەرگ و خواردن و چەك و شەپو بەرەنگاربوونەوە! بۆیە کاتێك پێشمەرگە لە گوندێك یا لە شوێنێك دەبیندران، خەڵکی تەنیا بە ناو سەرکردەیان دەناسی، لە ڕووخسارو هەڵسوکەوت هەموویان یەك بوون! تراکتۆرێك، جێبێکی سەربڕاوە، پیکابێکی شڕ، پێشمەرگەکانی لەو شوێن بۆ ئەو شوێن دەگوازتەوە، کاتێك کادرێك قسەی دەکرد بە بڕواو متمانەو دڵنیاییەوە دەدواو بەهەمان شێوە خەڵك و پێشمەرگەکان گوێیان بۆ دەگرت، چونکە سەری زمان و بنی زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چینی کرێکارو جوتیارو مافی چارەی خۆنووسین و کەرکووکی دڵ و قودس و ...هتد بوو، بە پێڵاو و شەوڕۆێکی دڕاو و کەتافەیەك، مەتارەی ئاو، ڕیشی درێژی تۆزاوی، ڕادیۆیەك، گیرفان بەتاڵ... ، بەڵام خۆشەویست و ڕێزدار بوو .

سەد حەیف و مخابن هەر دوای ڕاپەڕین ئەو چەمك و زاراوەو وتارو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی شاخ پێچەوانە بوونەوە!، بەڵێ ڕانك و چۆغەو جەمانەو کلێتە بوو بە قاتی ئیتاڵی و تورکی و بۆینباغ! قژو ڕیش و سمێڵی تۆزاوی بۆیە کراو سفر کرا! تراکتۆرو جێبی سەربڕاوە بوو بە لەیلاعەلەوی، مۆنیکاو وەنەوشە! ئەیداس و شەوڕۆو پێڵاوی لاستیك بوو بە کراشی پەڕۆو پێڵاوی (٢٠٠) دۆلاری!

سەرینی بەردو دۆشەکی خاك، بوو بە قەنەفەو تاقمی تورکی، بۆن عارەقەی ڕۆژانی شاخ، بوو بە بۆنی شازی فەرەنسی و حەمامی کورخان و دەبل یووسی! تووتن و جگەرەی قەمیش و بەغدا، بوو بە ڕۆسمەن و چرووت و نێرگەلە! ئاوی مەتارە بوو بە ئاوی مەعدەن و بیبسی و بیرەو عەرەق و ویسکی و باشترین مەشروب! پشووی نێو مزگەوتی گوندێك، مالێك، بوو بە یانەو قێڵلاو میوانخانەی پێنج ئەستێرە! ژنێکی خاوەن هەڵوێست و بە ئەمەك و کوردپەروەر و کەراس و کەوا بوو بە چوار ژن و دەیان عەشیقەو پانتۆڵ و قژنیگرۆو لاشە ڕووت! گیرفانی بەتاڵ و دڕاو، بوو بە خاوەن دەیان زەوی و خانوو سوپەرمارکێت و کۆمپانیاو بانك و دۆلارو یۆرۆ ....

پێشمەرگەیەکی نەخوێندەوار، بوو بە نەقیب و عەقید و ئەستێرەو باز لەسەر شان! ڕادیۆیەکی شکاو و پاتری وشك بوو بە سەتەلایت و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەو خاوەن ئیمتیاز، کادر بوو بە وەزیر، ئامرکەرت بوو بە مودیر عام و ئەندام پەرلەمان، هەر ئەو کادرو فەرماندەیەی باسی چینی کرێکارو یەکسانی و دادپەروەری دەکرد، ئێستا بۆتە گەورەترین سەرمایەدار، هەزاران کرێکاری ئەم کوردستانەی بێکار کردووە، خەڵکی گوندی لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کردە مووچە خۆری بێبەرامبەر! جاران کە پاسەوانی نەبوو، ئێستا دەیان پاسەوانی لە شوێنی کارو ڕێگاو بەردەرگای مالْ هەیە! جاران کە ئوتومبێلێکیان لە هاوڵاتییەك دەساند و لە گوندێك لەبەر بێ بەنزینی فڕێیان دەدا! یاخود بەدەست ماچ کردن دەبیەك بەنزینیان پەیدا دەکرد، ئێستا خاوەن بەنزینخانەیە .

ئەو شۆڕشگێڕە خۆشەویستەی شاخ، ئێستا بۆتە ڕەزا قورسی گەندەڵی شار، بەڵام ئەمە نموونەی هەموو پێشمەرگەیەك و کادرێك و سەرکردەیەك نیە، هێشتا هەن ئەو پێشمەرگانەی مێژوویەکی پڕ سەروەرییان تۆمارکرد !


ئازادیی قەرەچووغ
بەڕێوەبەری ئەنجومەنی کارگێڕی
جەمیل سنجاوی
خاوەنی ئیمتیاز
شاخەوان خالید
shakhewan@yahoo.com
سەرنوسەر
خەلیل ئیبراهیم
parwarpalani@yahoo.com
ساڵنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتیی
هەمەڕەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK
ساڵانە لەیادی ئازادکردنی شاری مەخموور
و دەوروبەری دەرێدەکات
ناونیشان: هەولێر – مەخموور – بارەگای هەرێمی
قەرچووغی YNDK
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٤٠٣٤٩٦
Email: azadiqerechux@yahoo.com